**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (1) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (19)ی رۆژی 2014/7/24 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2014

## یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتییدا دابین دەکات.

**ماددەی دووەم:**

بودجەی تەرخانکراو بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت پێدراوەکان بریتی دەبێت لە (1٪) لە سەدا یەکی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان و، بەم پێوەرانە دابەش دەکرێت:

**یەکەم:** کورسیی پەرلەمان دەکرێتە بنەما و، بەهای هەر کورسییەك مانگانە (0,000375٪)ی بودجەی گشتییە.

**دووەم:** ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ هەر حیزبێك کۆدەکرێتەوە و، هەر حیزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێت بە مەرجێك لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە (4) چوار کورسیی کەمتر نەبێ.

**سێیەم:** هەر حیزبێك بەشداری هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت و کورسیی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام رێژەی (40٪) لە سەدا چل یان زیاتری دەنگی پێویست بۆکورسی بە دەست هێنابێ، بەهای دوو کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت.

**چوارەم:** هەر حیزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کردبێت و کورسیی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام رێژەی (20٪ – 39٪)ی دەنگی پێویست بۆ کورسیی بە دەست هێنابێ، بەهای یەك کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت.

**پێنجەم:** هەر حیزبێکی بەشداربوو لە خەباتی رزگاریخوازی کوردستان بە هەمان ناو کە خاوەنی یەك کورسیی بێت لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستاندا دوای کۆکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی لەخولی پێشوو، بەهای دوو کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت.

**شەشەم:** هەر حیزبێك پێش ڕاپەڕین بەشداریی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسیی هەبێت، نابێت لە (0,00185٪)ی بودجەی گشتی کەمتر وەربگرێت.

**حەوتەم:** هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی، کە خاوەنی کورسیی کۆتای خولی بەردەوامی پەرلەمانە، ئەوا بەهای ئەو کورسییەی مانگانە (0,0005٪)ی بودجەی گشتییە بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەو حیزبانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بێبەش دەکرێن لە بودجەی ساڵانە، لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوە، یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993ی هەموارکراو.

**ماددەی چوارەم:**

بەپێی سیستەمی ژمێریاریی کارپێکراو لە هەرێمدا ووردبینی بودجەی حیزبەکان ئەنجام دەدرێت و، دەکەوێتە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناوی گەشەکردن و پەرەپێدان بە پرۆسەی سیاسی و فرە حیزبی لە هەرێمدا و، چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەشداریی چالاك لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها ڕێکخستنی بودجەی حزبە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێم بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە لە بودجەی گشتیدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە 11ی ساڵی 2014 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا.